ئەدەب و کولتوور
ڕووداو



# حەمە هاشم لە بەنگلادیش بەشداری لە فێستیڤاڵێک دەکات


■ ئا: ئەدەب و کولتوور

دووەمین فێستیڤاڵی شێوەکارانی جیهان لە بەنگلادیش بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەڕێوەدەچێت و شێوەکارێکی کوردیش بۆ فێستیڤاڵەکە بانگهێشتکراوە کە تێیدا چەند چالاکییەکی هونەری نمایش دەکرێن.

هونەرمەندی نیگارکێش حەمە هاشم بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت، دووەمین فێستیڤاڵی شێوەکارانی جیهان لە بەنگلادیش لە ڕۆژی 2/2 تاوەکو 6/2/2019 بەڕێوەدەچێت و منیش وەک هونەرمەندێکی کورد بانگهێشتکراوم.

حەمە هاشم ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، لە فێستیڤاڵەکەدا کە بە ناوی "فێستیڤاڵی جیهانیی هاوڕێیانی هونەر" دەبێت، وۆرکشۆپێکی تایبەت بە وێنەکێشان ڕێکدەخرێت و هونەرمەندانی ئەمەریکی، ئوسترالی، یۆنانی، ڕووسی ، بەنگلادیشی، هیندی و زۆر وڵاتی دیکە بەشداری دەکەن.

# ڕۆمانێکی بەختیار عەلی دەکرێتە عەرەبی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی لەلایەن وەرگێڕێکی عێراقییەوە لە زمانی فارسییەوە کرایە عەرەبی و بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوودا چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

مەریوان هەڵەبجەیی، وەرگێڕی کورد کە ئەو ڕۆمانە و چەند بەرهەمێکی دیکەی بەختیاری بۆ فارسی وەرگێڕاوە، ڕایگەیاند، ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی لەلایەن وەرگێڕ غەسان حەمدانی کە خەڵکی بەغدایە، لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

مەریوان دەشڵێ، غەسان حەمدانی وەرگێڕێکی دیاری عەرەبە و زیاتر لە بیست کتێبی لە فارسییەوە کردووە بە عەرەبی و نزیکەی دە کتێبیشی لە عەرەبییەوە کردووە بە فارسی. ئەو وەرگێڕە کۆبەرهەمی سادقی هیدایەت، سوهراب سپهری و خیامی کردووە بە عەرەبی و هەڵبژاردەی لە شیعرەکانی ئەحمەدی شاملو، فروغی فروخزاد و چەندان نووسەری دیکەی فارسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

"دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی جگە لە زمانی فارسی، بۆ زمانەکانی ئەڵمانی و ئیتاڵی وەرگێڕدراوە و بڕیارە وایە بە زمانی فەرەنسیش بڵاوبکرێتەوە.

ماوەیەک پێش ئێستا بەختیار عەلی دوایین ڕۆمانی بەناوی "دەریاس و لاشەکان" نووسی کە دەیەمین ڕۆمانی بەختیار عەلییە و پێشتریش هەر دوو ڕۆمانی " دواهەمین هەناری دونیا " و " شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی کراون بە ئەڵمانی و خۆیشی لە ئەڵمانیا خەڵاتی "نیلی زاکس"ی پێدرا.

# بەرهەمێکی نوێی نەشمیل عەلی بەرزنجی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

خانمە شاعیر نەشمیل عەلی بەرزنجی، کتێبێکی نوێ بەناوی( کە بیر لە پەتاتە دەکەمەوە بیر لەچی دەکەمەوە؟) بڵاودەکاتەوە. کتێبەکە کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبییە و ناوەندی هەرمان بڵاوی دەکاتەوە.

ناوەندی هەرمان لەبارەی کتێبەکەوە دەڵێ، ئەم کتێبە کۆمەڵێک تێکستی مینیماڵی ئەدەبی و ژنانەی نەشمیل عەلی بەرزنجییە و لە ماوەیەکی نزیکدا لە ناوەندی هەرمانەوە بڵاو دەبێتەوە.

ناوەندی هەرمان دەشڵێ: "(کە بیر لە پەتاتە دەکەمەوە، بیر لە چی دەکەمەوە؟) کتێبێکی قەبارە بچووکە و نەشمیل زۆر ورد لەسەر چەند بابەتێکی بەرجەستەیی و زیهنی و فانتاسی نووسیونی".

زمانی کتێبەکە زمانێکی سادە و ڕوون و شاعیرانەیە، ڕەنگە ئەمە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نەشمیل عەلی بەرزنجی شاعیرە و هەر بەو جۆرەش ناسراوە.

هەرمان ناوەندێکی وەرگێڕانە و یەکێک لە پڕۆژەکانی وەرگێڕانی کتێبە. لە وەرگێڕانی کتێبیشدا گرنگییەکی زۆر بە پەروەردە و ئەدەبیات بۆ منداڵان دەدات.



# دووەمین دیداری لەتیف حامید بۆ چیرۆک بەڕێوەدەچێ



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

مانگی داهاتوو دووەمین دیداری لەتیف حامید بۆ چیرۆک لە چەمچەماڵ بەڕێوەدەچێ و دواتر چیرۆکە سەرکەوتووەکان لە کتێبێکدا چاپ و بڵاودەکرێنەوە.


بڕیارە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر لە چەمچەماڵ، لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەمساڵ، لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئەدیب و چیرۆکنووس (لەتیف حامید)دا دووەمین دیداری لەتیف حامید بۆ چیرۆک ساز بکات.

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ ئاگادارکردنەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا ئاماژە بۆ بەڕێوەچوونی دووەمین دیداری لەتیف حامید بۆ چیرۆک دەکات و تێیدا هاتووە: چیرۆکەکان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزاوە هەڵدەبژێردرێن و ئەو چیرۆکانەی لەلایەن لیژنەکەوە پەسەند دەکرێن لە دوو توێی کتێبێکدا چاپ و بڵاودەکرێنەوە.

شێخ لەتیف شێخ حامد لە ساڵی 1940 لە کفری لەدایکبووە، ساڵی 1962 کۆلێژی ئادابی لە بەغدا تەواو کردووە، لە ماوەی ژیانیدا لە بواری ئەدەبیاتی کوردی کاری کردووە و چەندین ماستەرنامە لەسەر بابەتەکانی نووسراون.

نووسەر لە 22ی شوباتی 1974 بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە و بەشێک لە بەرهەمەکانیشی لەلایەن شاعیری کۆچکردوو شێرکۆ بێکەسەوە کۆکراونەتەوە.

# هەڵوێستەیەکی هێرمنۆتیکی لەسەر کتێبەکانی نالی



لەم وتارەدا هەوڵ دراوە ئەو وێنا و سیمایەی نالی کە لە دەرەوەی سیستەمی بەلاغە و داڕشتنی شیعریی زمانی عەرەبی و کولتووری زاڵی سەردەمەکەی دەرکەوتووە، بخرێتە ڕوو، ئەو وێنە ئایینی و ئاسمانییە دوورەدەست و سەپێنراوە لە نالی دەخرێتە لاوە و نالی لەژێر تیشکی خوێندنەوە و ڕاڤەی هێرمنۆتیکی نووسەری کتێبەکاندا دێتە پانتای حزوور و ئامادەبوونێکی مێژوویی و زەمینی و، تیشک دەخرێتە سەر گەلێ ڕەهەند و لایەنی تازەی.

عادل قادری



بەشی دووەم و کۆتایی

## زمان و وجوود و قودسییەت و ئەگەری دۆزینەوەی شاعیرێکی مولحید!

کتێبی نالی بەتایبەتی بەرگی دووەم "بەرجەستەکردنی ڕۆحە" و ئەو میتۆدەی کە تێیدا ڕەچاو کراوە و بە پشتبەستن بە فاکتە مێژوویی و دەقییەکان، بە تەواوەتی بەرگری لە ئاوەها تێزێک دەکات.

دڵنیام سیوەیلی زۆر باش دەزانێت نالی چ وجوودێکی پڕ دژوازی و ناکۆکی هەبووە و ئەمەشە جاویدبوونی نالی و پەرۆشی و پڕتاقەتیی ڕاڤەکەری نالیش. سەرەڕای هەموو ئەم شتە گشتییانە، بە دوو هۆ دڵنیام نالی زۆر ڕەهەندی تری بۆ کەشف تێدا ماوە. یەکیان بەهۆی ئەو وجووده دژوازەی نالی و ئەویتریان بەهۆی ئەوەی کە ئێمە وەکوو زۆر بوار، کارێکی ئەوتۆمان لەسەر (دەقە کلاسیکە مەزنەکان) نەکردووە. هەموو ئەم وتانەی من لە سەرەوە تا ئەم دێڕە هەڵگری توخمگەلی ستایش و خۆشحاڵی و هیوا بوو لە کاتێکدا درووستتر و ڕەواترە کە کورد بە نیسبەت خۆی و مێژووی خۆی بەراورد بکەم، ئەگینا ئەگەر چاوێکی زۆر خێرا بخشێنینە سەر ئەو کتێبانەی بۆ نموونە لەسەر حافزی شیرازی نووسراون و خۆمان لەگەڵ فارس و ئەدەبەکەیان بەراورد بکەین، دڵنیام نەک تەنها من، بەڵکوو زۆر مامۆستا و شارەزای کورد لەو هەموو ڕەنگامەیی و تەئویلە جیاواز و جۆراوجۆرە تووشی شۆک دەبن. بەڵام ئەم بەراوردە هەمیشە درووست نییە، چوون سێبەرێکی هەژموونیک و سەپێنەری بەسەر "من"ی بێ جوگرافیایەکی کولتووری و زمانی و سیاسییەوە دەردەکەوێ. واتە ئەگەر، نازانم، بەهەرحاڵ ئەگەر بەراوردیش بکەین بە زەنگینی و دەوڵەمەندیی ئەو ڕاڤانەی لە زمانی فارسیدا بۆ کلاسیکەکان دەکرێن، بێگومان ئەم هەوڵانەی سیوەیلی لە ئاستی ئەوانەی کە من خوێندوومنەتەوە، بەرزترە بە دوو هۆی سادە:

1- سیوەیلی دەمارگرژیی ناسیۆنالیستی بەسەر دەقی نالی و دەلالەتەکانیدا نەسەپاندووە، بەڵام ئەوان بە حەق و ناحەق ڕیشەی بوون و نەبوونی زۆر ئایدیا و تێگەیشتن دەگەڕێننەوە بۆ حافز و مەولانا کە لە زۆر حاڵەتدا بەتەواوی وەهمی و گەوجانەیە و لەهەندێ شوێنیش دەکرێت بەرگرییان لێ بکرێت. بەگشتی ڕاڤەکەری جیاوازی نالی لێرەدا بەرلەوەی ناسیونالیست بێت، واقیعبینە و گومان و پرسیاری کردووە بە چاوساغی سەفەری خۆی بەناو مێژوویەکی گەورە لە کولتوور و بەلاغە و زمان و ئاژاوە و شیعر. واقیعبینێک کە ڕەگەزی شوناسێکی زمانی و "خود"یانەی لە نالی و لە "خود"ی نالی دەردێنێت، نەک خۆی بیخاتە زاری نالییەوە.

2- ئەم کارەی سیوەیلی تێزێکە بۆ دەرچوون لە پێکهات و جەغزێکی ئایدیۆلۆژیک و بەرتەسکی نە تەنها شیعری یان ئەدەبی، بەڵکوو فیکری و ئیستاتیکیش و تۆ بڵێ دواجار وجوودیش لە پانتای نووسین و لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کوردییەکاندا. سیوەیلی بەشێوەیەکی ورد باسی کۆسپ و تەگەرە و چوارچێوە و دیوارەکانی بەلاغەی کردووە و بە باشیش جەسارەت و بوێریی نالی بۆ تێپەڕاندنی ئەو چوارچێوەیە خستووەتەڕوو. بەلاغە بەرلەوەی چوارچێوەیەک بێت بۆ دەربڕینی شیعری، زیندانێکی ئایدیۆلۆژیکە کە لە مانا هەرە گشتی و فەلسەفی و وجوودییەکەیدا بۆ خودی عەرەبیش زەرەر و خەساری گەورەی بووە و ئێستەش بەشێوازێک هەر هەیەتی، جا ئەگەر بەلاغە لە دەرەوەی زمانێکی غەیری عەرەبی کۆڵەکە و گۆشەکانی خۆی ڕۆبنێت، ئەوا دەبێتە کارەساتێکی دانسقە! بەڵام نالی شۆڕشە گەورەکەی بۆ ئێمە کردووە. یەکەمین بەردی بناغەی شوناسی وشیارانەی زمانی کوردی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە شوناسی ئوممەی عەرەبی نالی دایمەزراندووە. چ بوێرییەکە لە تەنیشت ماڵی خودا و لە قووڵایی کتێبەکەیدا بژیت و ورد و درشتی زمانی عەرەبی و بەشێکی بەرچاوی کولتووری عەرەب بزانی، بەڵام وێنا و ڕەوایەتێک لە "کەر" بکەیت کە تەواو پێچەوانەی باوەڕ و عەقیدە ئاسمانییەکەت بێ. باسی شەرمگای مانگەکەی میر. واتە مەستوورەخانی ئەردەڵان بکات بە شێوەیەکی ناسکبێژانە و میتافۆریک. هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە نالی شاعیرێکی دژە "زمان" بووە. بەو واتایەی سەرەڕای ئەوەی کە بەلاغەی عەرەبی بەشی سەودا و پەرۆشییەکانی وجوودی نەکردووە، بەڵکوو زمانی کوردی و سیستەمی وێنە و وێنا و میتافۆر تەقینەوەیەک ئەزموون بکەن. زمانی نالی شۆڕشە بەسەر ڕەگەزە نەریتییەکانی هەم کولتوور و زمانی عەرەب و هەم ڕەگەزە میتۆلۆژیک و نامۆدێرنەکانی زمان و کولتووری کوردی کە لە پەراوێزی هەژموون و هەیمەنەی کولتووری عەرەبیدا هەناسەی کێشاوە. بۆیە دەڵێم وجوودی نالی لەسەرووی زمانەوەیە، ڕەنگە بە ڕوویەکی تردا ئێمە پێویستمان بێت نالییەکی ڕۆماننووس یان شانۆکار یان دەرهێنەر بگێڕینەوە و ئەمە زێدەڕۆیی نییە. (تا ئەو شوێنەی نالیم ناسیبێت، داهاتوو کێ دەزانێ چ دەبێت؟). نالی لە ڕێگەی زمانەوە خودێکی درووست کرد کە زۆر گەورەتر و بەرینترە بەسەر نەفسی زمان.

ئەمە ئەو لایەنە ئەبستراکت و دەرهەستە وجوودییەی زمانە کە پێموایە لای نالی هەیە و دەکرێ دواتر ئیشی لەسەر بکرێت. جا بۆچی ئەم باسەم هێنایە ئاراوە؟ لەبەرئەوەی وا تێدەگەم لەم کتێبەدا بەشێک (جا چ لە کۆتایی بێت یان پێش دوا شیعری کۆتایی کتێبەکە) غایبە و ئەویش بەشێکە تایبەت بە بووتیقا و شێوەزمانی جیهانیی شیعری نالی، ڕەنگە لە بیست تا سی لاپەڕەدا بکرایە تیشکێکی بخرێتە سەر. کارکردن لەم ئاستە دەرگای زۆر ئایدیا و تۆژینەوەی تر لەبارەی لایەنی پێوەندیدار بە وجوود و زمان و دەرەزمان لای نالی دەکاتەوە.

بەدەر لەو خاڵانەی سەرەوە کە باسمکردن، دەبێ بێژم لە کتێبی نالیدا باسی قودسییەت و شوێنی پیرۆز و ڕووبەری حەرام و تابۆشکێنی بەشێوەیەکی ورد و تایبەت بەو زەمینەیەی ڕاڤەکارییەکە کراوە و ئەمە ئەو خاڵە وەرچەرخانە جەوهەرییەی نالییە کە دەکرا خوێندنەوەیەکی دەرەئایینی بۆ بکرێت، یان بگرە هەندێ ڕەگەزی دژە ئیسلامیشی تێدا بەدی بکرێت و ڕەنگە خودی ئەم ئایدیایە بکرێ وەکوو تێزێک بخرێتە ڕوو، ڕەنگە سیوەیلی بەهۆی سیاسەتێکی مەتنی یان دەرەمەتنی لە گەڵاڵەکردنی ئەم باسە خۆی بواردبێت، چوون بێگومان شارەزای زەمینەی کولتووریی خوێندنەوە و فەزای زانکۆکانی باشوور و قووڵایی سایکۆلۆژیەتی ئایینیی شەقامی کوردیی باشووریش هەیە. بۆیە ئەگەر بڕیارە لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتی دان بە بوونی نالییەکان یان چەندین نالیدا بنێت، کەواتە گریمانەکردنی نالییەکی دژەئایین سەخت نییە.

### کتێبی نالی و زەنگی شکاندنی ڕچە باو و زاڵەکان:

وەک لە سەرەوە باسمکرد، ئەم کتێبە تێزێکی وەها جەسوورانە و تازەیە ڕەنگە منی گەنجتر وا شایستەتر ببینم سیوەیلی تۆزێتر لە تەوازوع و ڕووپامایی بە نیسبەت "لێکدانەوە" و تەفسیراتی مامۆستایانی بەڕێز و خزمەتکاری گەلەکەمان کەم بکاتەوە، چوون ئەوانیش بەهەمان میکانیزمی بەلاغەوە نالییان لێکداوەتەوە و باشتر وایە بڵێم مانایان کردووەتەوە و تەفسیریان بەسەردا سەپاندووە. ئەوانیش خۆیان گیرۆدەی زیندانی بەلاغە بوون. ڕەنگە لە هەندێ شوێن کەمتر وابن، بەڵام بەگشتی لەناو ئەو جیهانە ئایدیۆلۆژیک و بەرتەسکەدا نالییان بۆ ساڵانێک قەتیساند. ڕەنگە لێرەدا من تۆزێک ڕادیکاڵ دەربکەوم، بەڵام ئەوان تەقریبەن دوا نەوەی زیندووی جێدەست دیاری بەلاغە بوون. ئەوان خۆیان بەلاغە و فیگۆری بەلاغی ئێمە بوون و من لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا تەوازوعی سیوەیلیم دیت کە هەموو هەوڵی داوە خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ مامۆستایانی مودەڕیس بکاتە دەریچەی ڕاڤەکاری و تەئویلەکانی خۆی. من بەم ئاراستەیەدا چاوەڕوانیم لە سیوەیلی زیاترە کە هەندێجار بە شێوازێکی نەرمیش بێت بدات لە بن و بنەمای ئەو سەمبوولە بەلاغییانەی دونیای خۆمان تاکوو هەم خوێندکاران و فەزای زانکۆ بخاتە سەر تێڕامان و مشتومڕی زیاتر و هەمیش ڕێگە بۆ کەسانی وەک من و نەوەی دواڕۆژ خۆش بکەن کە بڕێک بوێرانەتر بە دوای شوناس و دیوارەکانی و لایەنە دژ و بەراوەژووکەیدا بگەڕێن و تۆژینەوە بکەن و تێز بدەن.

### نالی و عەشق و وجوود:

خاڵێکی دیکە کە دەبێ بێمە سەری و زۆریش بە گرینگی دەزانم، لایەنی عاشقانەی نالییە. ئەو عەشقەی نالی وەکوو وتراوە شتێکی تایبەت و جیاوازە و دەکرێت ڕاڤەیەکی مانایی جیاوازی بۆ بکەین، بەڵام پەیوەست بە "کتێبی نالی" دەشێ بکرێت بە کلاوڕۆژنە و دەروازەیەک بۆ بوونی ئیرادەیەکی وجوودیی "سەرکێش و شێت" بەمەبەستی تێپەڕاندنی چوارچێوەکان، واتە لێرەدا چوارچێوە فۆرمی و بەرتەسکەکەی بەلاغە. عەشق و جنوون لە هەموو حاڵەتێکدا ئەکتێکی وجوودییە کە لە یاساکان دەدات و لێرەشدا بەلاغەی پووچەڵ کردووەتەوە.

گەر بێیە دەرێ سەروی ڕەوانی لە ئیرەمدا
گەر نەییە دەرێ ئاهووی چینی لە حەرەمدا...

من لە یەک شت دڵنیام، ئەویش ئەوەیە کە نالی جیهانێکی ئاسایی نەبووە و وەک لە سەرەوەش گوتم زەمینییەکی ئەفسانەیی و دژەباوێکی سەرکەشە. بەدەر لە بابەتی عەشق وەکوو دەروازە، خودی پرسی عەشقیش لە جیهانی ئەمڕۆی ئێمەدا لە قەیران و ناکۆکییەکی قۆناغی تێپەڕی مۆدێرنەی ئێستاماندا دەژی، لەبەر ئەوە کردنەوەی ئەم فایلە خاڵێکی درەوشاوە و سەرنجڕاکێش دەبوو هەم لە ڕووە شیکاری و داهێنەرانەیەکەی و هەمیش بۆ بەردەنگ و خوێنەر. بەرهەمهێنانی ئەمڕۆییانەی مەعریفە بۆ عەشقێکی کلاسیکی بەڵام مۆدێرن و ناسوننەتی.

### زمانی ئەگەر و گومان دژ بە زمانی پەند و ئامۆژگاری:

(پێوەندی نالی و واعیز و ڕەقیب و ها وچە شـنە کا نیا ن )

خاڵێکی دیکەی پێویست بۆ باسکردن ئەوەیە کە واعیز و ڕەقیب و هاوچەشنەکانیان لە شیعری نالی و ئەدەبی کلاسیکی ئێمەدا زۆر هاتوون و خۆشبەختانەش ئەم زاتانە لەلایەن شاعیرانمانەوە هەر ڕەخنەیان لێ گیراوە و ڕەتکراونەتەوە، یان سەرکۆنەکراون. بە نیسبەتی نالی مەزنەوە واتێدەگەم "واعیز" بەدیوێکی تردا سەمبولی ئەو چوارچێوە بەلاغی و ئایدیۆلۆژییە بێت کە لە بەرگی دووەمی کتێبی نالیدا باس کراوە و بەڵگەی زۆر بۆ ئەم مەبەستە لە تەئویلەکەی سیوەیلیدا خراوەتەڕوو. واعیز بەزۆری دەلالەتە وشەییەکەی ئەوەیە کە کەسێکە لەگەڵ کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی پێناسەکراوی سنووردراردا سەروکاری هەیە و هەر ئەوانە بۆ خەڵک دەڵێتەوە، بۆیە زۆر کەس نە حەزی لە واعیز بووە نەش حەوسەڵەی وەعزی ماوە. واعیز بکەرێکی زمانیی بەلاغەی عەرەبییە و نالی لە پلەی بکەرێکی زمانی و خۆکردی و خۆکوردیدا داویە لە بنی. ئەمە یەکێکە لە "خود" بوونە سەربەخۆ و دەرەبەلاغییە سەمبولییەکانی نالی لە ئاستێکی وشیارانەی هەرە باڵادا.

بە نیسبەت ڕەقیبیشەوە ئەمە زۆرتر لە دونیای عەشق و تاڕادەیەکیش پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نالیدا ئامادەیە، بوونی ڕەقیب لەم پانتایەدا بەهێزکەرەوەی خەستی و گوڕیی ئەزموونی عەشقەکەی نالییە کە وەک لە سەرەوە گوتم سەرکێشیە مەزنەکەیە.

### پێوار و غیابی زمانناسی کۆمەڵایتی لەسەر نالی:

من هەوڵمداوە هەندێ دەق بە پێوەرگەلی تایبەت وەکوو دەقی فرەڕەهەند پێناسە بکەم و ئەمە بۆ دەقی کلاسیک زۆر زەقتر دەبێتەوە. وا تێدەگەم هەندێ جار ڕاڤەکەرێک لەڕووی ئاستی هۆشیارییەوە دەقی دانەر تێدەپەڕێنێت نەک بەو مانایەی دانەری دەقەکە شارەزایی لەسەر ئەو مانایانە نەبێت (هەندێ جاریش نییەتی هەڵبەت) بەڵکوو بەو مانایەی کە ئەو دەقەی ڕاڤەکەرێک باسی دەکات دەقی "خود" بە مانا ئورژیناڵەکەی نییە، بەڵکوو دەقی ئەویدییە بە مانای ئەوەی کە خودێکی جگە لە دانەر سەفەری تێدا دەکات، ئەمەش ئاڵۆزیی پرۆسەکەمان بۆ دەردەخات. دەقی نالی واڵا و فرەڕەهەندە، چوون خۆی وایە، بەڵام ئەم فرەڕەهەندییە تەنها بۆ "ئەو" ناگەڕێتەوە، بەڵکوو وابەستەی ئێمەشە کە دوو سەدە دوای نالی لێرەین و هاوکات نالیشمان لەگەڵە، بۆیە لەیەک ساتی مێژوویی و مەتنیدا ئامادە دەبین. لێرەدا دەقی نالی دەبێت بە پانتایەکی بەرفراوان بۆ لێکۆڵینەوە لە زۆر لایەن و ڕەهەندی نالی وەکوو سەمبول و ئولگووی ڕۆح و فیکری کوردی بەو ماهییەتەی خۆی مانیفێستی کردووە. لە بەشی "نالی لە پەراوێز"دا ئەمە بە باشی و بەشکڵی تر باس کراوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە پەراوێزەکانی نالی لە وشیاریی لاواز و دواکەوتووی کۆمەڵگەی ئێمە (نەک هەندێ تاکی تایبەت) تا چەندە دەبن بە دەق و نالی لەو ڕوخسارە شەریعەتی و حوجرەوەیی (حوجرە بەو مانایەی کە مامۆستایانی مودەڕیس لێکیانداوەتەوە نەک بەو مانایەی کە سیوەیلی ڕووبەر و شوێنەکەی گواستووەتەوە بۆ "دەروون") و عاشقانە عەفەوییە دەردێنن؟ ئەمە باسێکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە و لە دەرەوەی دەقی نالی بێت ڕەنگە. بەڵام مەبەستی من لەم باسە ئەوەیە لایەنی سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و فیکریی نالی درێژەی ئەو کەوانەیەیە کە لە کتێبی نالیدا کراوەتەوە و بەشێوەیەکی وشیارانە و بەئەنقەست دانەخراوە و ڕێگەی بۆ ئیمکانە تەئویلی و ڕاڤەییەکانی تر بەم ئاڕاستەیە کردووەتەوە. ئەم کتێبە ئیلهامبەخشی ئەم ئایدیا و پرسیارانەیە. من حەزم دەکرد کە لەسەر زمانناسی کۆمەڵایەتی نالی باسێک بکرێت و بپرسین کە لە سەردەمی نالیدا خەڵکی کورد چ وشەگەل یان زاراوەگەلێکی زۆرتر لەسەر زار بووە؟ واتا بۆ نموونە ئایا نالی دەیتوانی لەباتی وشەی عەمد، ئەنقەست بەکاربهێنێ؟ ئایا ئەنقەست لە جوگرافیای ژینکراوی زمانیی نالیدا کارکردی بووە یان نا؟ نالی عەمدی بۆیە بەکار هێناوە چونکە ویستوویەتی تانەیەک لە سیستەمی بەلاغەی عەرەبی بدات وەکوو سیاسەتێکی مەتنی؟ یان لەو کاتە (کاتی بەکارهێنانی وەها وشەگەلێک) لە قۆناغی تێپەڕاندنی بەلاغەدا بووە؟ بۆچی ئەم پرسیارانە لە ڕووە زمانییەکەی بە ڕەوا دەزانم، چوون وشیاری زمانیی نالی لای من شتێکی ڕوون و حاشاهەڵنەگرە.

دوا لاپەڕەی کتێبی نالی بەم شیعرەوە دەنەخشێت کە دەروازەیەکە بۆ داکۆکی لە تەئویلی تر و خوێندنەوەی تری نالی و دونیاکەی:

بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر بەرییە
نە کەسێ مونتەفیعی یەک بەرییە یان سێبەرییە.

# ڕۆمانی "گاتسبیی مەزن" لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

کیشوەر پیرۆتی

لە نامەیەکدا، ماکسوێڵ پێرکینز (Max-well Perkins)، هەڵچنی کتێبەکانی فیتز جێراڵد، لە نووسینگەی وەشانگەی سکریبنێر (Scribner) بۆ فیتز جێراڵد دەنووسێت: "ڕۆژێک بە منت گوت، تۆ نووسەرێکی خاوەن توانایەکی سروشتی نیت... ئەی هاوار! خۆ ڕاستە تۆ بەسەر نهێنییەکانی نووسیندا زاڵ بوویت، بەڵام مرۆڤ بۆ نووسینی کتێبێکی ئاوا پێویستی بە شتی زۆر زیاتر لە هونەری نووسین هەیە."

بەهۆی پەرینەوە بەرەو وەبەرهێنانی سەرمایەداری، ئازارێکی زۆر هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی گرتەوە و، داڕووخانێکی قووڵی مەعنەوی و ئەخلاقی بەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا سەپێنرا. فیتز جیراڵد بە وردی چووبووە نێو بارودۆخەکەوە و درکی بەو ئازارانە کردبوو کە کۆمەڵگەکەی بەهۆی پەرینەوە بەرەو سەرمایەداری و هەروەها "خولیای ئەمریکایی" تووشی ببوو. "خولیای ئەمریکایی" لەنێو نەتەوەی ئەمریکادا دەستەوشەیەکی ناسراوە و بە واتای خولیای سەرکەوتن، خولیای گەیشتن بە لوتکەی ئامانجەکان لە هەموو ڕێگایەکەوە، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگای نارەواشەوە بێت.

بە بۆچوونی ستیڤن مێسنێر (Steven Mess-ner) و ڕیچارد ڕۆزنفیڵد (Richard Rosenfeld)، دوو کۆمەڵناس و توێژەری کۆمەڵایەتیی ئەمریکایی "خولیای ئەمریکایی"، لانیکەم چوار بایەخی باشی بۆ ڕەفتاری تاوانبارانە هەیە:

1- مەیلی توند بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتن کە دەبێتە هۆی جێگیربوونی فەرهەنگێک، تێیدا خەڵک ئەوپەڕەکەی بەپێی ئەو شتەی کە وەدەستی دێنن، یان ئەو شتەی کە هەیانە، بایەخیان بۆ دادەنرێت. نەبوونی توانای سەرکەوتن بە واتای نەبوونی توانای یارمەتیدانی کۆمەڵگەیە، هەربۆیە گوشارە کولتوورییەکان بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن بەهەر ڕێگایەک، یەکجار زیاد دەبن.


2- تاکخوازی (تاکگەرایی). ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان هەموو شتێک بە دڵخواز داگیر بکەن و لە ڕەوتی کێبڕکێ لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا لەبری نواندنی هەڵوێستی هاوکاری، هەڵوێستی دژمنانە نیشان بدەن.

3- پێداگریی توند لەسەر بەجیهانیبوون، دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئەو چاوەڕوانییە ڕێپێدراوەی کە هەموو ئەمریکاییەکان دەبێ خوازیاری دەستڕاگەیشتن بە سەرکەوتن بن.

4- سەرەنجام گۆڕانی پارە بە "بت"، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆکردنەوەی پارە وەکو ئامانجێک لەبەرچاو بگیرێت و پارە بە تاکە پێوانەی سەرکەوتن هەژمار بکرێت. بەڵام ئەوەی کە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی وەسەریەکنانی پارە تاوانی لێ بکەوێتەوە، چییەتی بێسنووری پارەیە. پارەداری و وەدەستهێنانی پارەی زیاتر، هەمیشە ئیمکانی هەیە، لەبەر ئەوە ئەو گوشارانەیشی کە بۆ وەدەستهێنان و کۆکردنەوەی پارە دەخرێنە سەر مرۆڤ، دەکرێ بێژمار بن.

"گاتسبیی مەزن" باسی ژیانی پیاوێک دەکات کە سەر بە چینی نزمی کۆمەڵگایە. بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستەکەی دەستدەکات بە قاچاخی ئەڵکۆڵ (کحول)، کە لەو سەردەمەدا قەدەغە بووە. هەموو هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ تا بتوانێت سەروەت و سامانێکی زۆر بەدەستبێنێ و ناو و ناوبانگێک بۆخۆی دروست بکات، تا "دەیزی" ڕازی بێت زەماوەندی لەگەڵ بکات و گەتسبی بە ئارەزووەکەی خۆی بگات.

هەرچەند لە ڕوانگەی هونەری ڕەوانبێژی و جوانکاریی ئەدەبیشەوە لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە مرۆڤ زۆر زوو هەست بەوە دەکات نووسینێکی ئاوا ورد کە هەموو ڕستەکانی مانا و وێنەیەکی تایبەت بە فکر و هزری خوێنەر دەبەخشێ، بەدڵنیاییەوە دەبێ تەجرەبەیەکی ڕاستەقینەی لە پشتەوە بێت. ڕۆمانێک پڕ لە وێنەی ڕاستەقینەی ژیان، سەرەڕای کورتیی ڕۆمانەکە، ئەو بابەتانەی تیشکیان خراوەتە سەر و باسیان کراوە و ئەو تەجرەبانەی دەخرێنە بەردەستی خوێنەر هێندە زۆرن کە لە خوێندنەوەیەکدا خوێنەر نازانێ بپەرژێتە سەر کام خاڵ و بابەت و چۆن خوێندنەوەکەی خۆی بگێڕێتەوە.




لە نامەکەیدا،ماکسوێڵ پێرکینز بۆ فیتز جێراڵد دەنووسێت: "ئەگەر مرۆڤ لە شەمەندەفەرێکی خێرادا سەفەر بکات و چێژی لێ ببینێت، فرەیی و زیندوویی ئەو وێنانەی تۆ بە وشە گیانلەبەرەکانت وێنایان دەکەی، بەو دیمەنە زیندووانە دەچوێنم کە موسافیرەکە لەنێو شەمەندەفەرەوە دیتوونی".

ئەوانە هەموو خاڵی بەهێزی ڕۆمانی "گاتسبیی مەزن"ن. ڕۆمانێک کە بە وردی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمەی ئەمریکا دەخاتە بەردەستی خوێنەر. ڕۆمانەکە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئەمریکامان لەدوای سەرکەوتنەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی پێشان دەدات کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەچێت. میوانییە قەرەباڵغ و پڕ لە هاتوهەراکانی گاتسبیی مەزن، خۆی بەتەنیا وێنەیەکی تەواومان لە ژیانی کۆمەڵگەکە دەخاتە بەردەست و شڵەژاوی و بێزاری و شەکەتیی میوانەکان لە کۆتایی میوانییەکەدا ڕێک ئەو ئازارەیە کە کۆمەڵگە بەدەستییەوە دەناڵێنێ. ژیانێک کە بەهۆی هاتنی سەرمایەدارییەوە کۆمەڵێک بایەخی بۆ دروست بووە و هەوڵ دەدات بە هەر نرخ و بە هەر شێوازێک بێت بەدەستیان بێنێت، ئەوەش تا ئەو ڕادەیە مرۆڤی تووشی سەرلێشێوان و شڵەژاوی کردووە کە چێژێکی ڕاستەقینە لە ژیان نابینێت. فیتز جێراڵد پێیابوو تەنیا وەختایەک دەتوانێ ڕەخنە لەو تازە پێگەیشتووی بەسەرداکەوتووانە بگرێت کە بتوانێ وەکو ئەوان بژی. وتەکانی "نێک" لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا شێوازێکە بۆ دەربڕینی بێزاری و ڕقی فیتز جیراڵد بەرانبەر بەو کەسانەی بەو شێوازە دەژین، هەروەها بێزاری لەو شێوەژیانە. کەواتە ئەو ڕۆمانە نەک هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، بگرە جۆرێک وەسفی ئاوێتەی ڕەخنەیە لە کۆمەڵگەی ئەمریکای سەردەمی نووسەردا.

لێرەدا دەمەوێ ئەو باسە قووڵەی لەم یاداشتە کورتەدا باسم کرد، زۆر لە کورتی ببڕمەوە، بۆ ئەوەی بۆ پەسنی لایەنی هونەریی ڕۆمانەکەی فیتز جیراڵد بە وتەیەکی جۆزێف کۆنراد (Joseph Con-rad) کۆتایی بە باسەکەم بێنم. کۆنراد لە پێشەکیی کتێبی "قولەزەنگییەکەی پاپۆڕی نارسیسیوس" (The Nigger of the Narcissus) نووسیبووی: "هەر بەرهەمێکی هەوڵ دەدات لەوپەڕی ساکاریی خۆیدا بگاتە پێگەیەکی هونەری، دەبێ هەموو ڕستەکانی هۆکارێکیان بۆ سەلماندنی خۆیان هەبێت."

کۆنراد گوتبووی: "ئەرکی نووسەرە کە بەیارمەتیی هێزی وتە، خوێنەر ناچار بکات بە خوێندنەوە و هەستکردن و زیاتر لە هەموویشی دیتن."

لە "گاتسبیی مەزن"ی فیتز جیراڵد- دا، هەردوو بۆچوونەکەی کۆنراد بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت.

**سەرچاوەکان:**

**1 - گتسبی بزرگ، اسکات فیتس جرالد، ترجمەی کریم امامی، انتشارات نیلوفر، چاپ چهارم 1379 شمسی، تهران.**

**2 - سرمایه اجتماعی در جامعەی آنومیک (از نظریه تا سنجش)، مجید حسینی نثار، صغری شبافروزان، انتشارات وانیا، چاپ اول 1395 شمسی، تهران.**

## لەبارەی ڕۆمانی "پیاوێک لە حەمامی جووەکان"

# بەژمارەکردنی تاك لە سەردەمی سەرمایەداریدا

هێرۆ کوردە

کەسایەتی شوێنێکی گرنگ لە ڕۆماندا داگیر دەکات، چونکە ڕێی سەرەکی نووسەرە بۆ گوزارشتکردن لە دیدگە و ڕوانینەکانی و بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان. هاوکات وەکو وزەی ناوەکی تەماشا دەکرێت کە تەواوی ڕووداوەکان بەدەوری ئەودا دەخولێنەوە، هەندێک وای دەبینن کە ڕۆمان بریتییە لە کەسایەتی، چونکە ئەوە کەسایەتی لە چوارچێوەی زمانێکی ئەدەبیدا و ڕووداوەکانی ژیان یان ڕووداوێکی تایبەت کە گرێی ڕۆمانەکەیە دەخاتە ڕوو، ئەوەی کاریگەری لەسەر خوێنەر درووست دەکات کەسایەتییە لەناو ڕووداوەکاندا، نەک ڕووداوەکان بەتەنیا. کەسایەتی ڕووداوەکان لەخۆ دەگرێت و بەناو کات و شوێندا دەڕوات و قسە بۆ خوێنەر دەکات.

کەسایەتی لە ڕۆماندا جۆری زۆرە، چ کەسایەتییەکی ئەرێنی بێت یان خراپ، بەو مەرجەی کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە هەبێت، یان لەناو ڕووداوەکاندا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە کەسایەتییەکان بەرپرسیارێتییەکی لەسەرشانە کە دەبێت لەسەرەتای دەرکەوتنی لە ڕۆمانەکەدا تاکو ئەو شوێنەی کاری تەواو دەبێت، ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێ چ وەک کەسێکی چاکەکار یان خراپەکار.

کە کەسایەتی خاڵی سەرەکی ڕۆمان بێت، دەبێت ڕۆماننووس هەوڵی دروستکردنی کەسایەتییەکی کاریگەر بدات، چ بەوەی خاوەن کرداری سەرنجڕاکێش بێت یان بیر و گوتاری دیار.

بەگشتی ئەدەب بریتی نییە لە ژیان لە دەقدا، بەڵکو بریتییە لە وێنەیەکی دەستکاریکراو، واتا تەواوی ئەو ڕووداو و کەسایەتییانەی لە ڕۆماندا هەن، نیوە حەقیقەت و نیوە دروستکراون، یان دوو کەسایەتی تێکەڵ دەکرێن بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش.

شاراوە نییە کە کەم تا زۆر کەسایەتی نووسەر و بیروباوەڕی و ئەزموونی ژیانی و نوستالژیا و یادگەی کاریگەرییان لەسەر ئەفراندنی کەسایەتییەکان هەیە، تەنانەت گەر هەوڵی ئەوەش بدەن کە خۆیان لەوە بەدوور بگرن، دیسان ناتوانن.

ڕۆمانی "پیاوێک لە حەمامی جووەکان" نۆبەرە بەرهەمی ئەدەبیی ئاڵا هوشیارە کە هەمووان وەک ڤیدیۆگرافەر و دۆکیۆمێنتەریست ناسیویانە. ڕۆمانەکە لە کۆتایی 2018 و لەلایەن دەزگای هەرمان بۆ وەرگێڕان چاپ و بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە باسی پیاوێک دەکات کە بەمەبەستی گەڕان و بینینی دونیا ڕوودەکاتە هەندەران و لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک حاڵەتی نامۆ بە ژیان و فەرهەنگی ئەو وەک کوردێک، ڕووبەڕوو دەبێتەوە و تاراوگە کەسایەتی ئەو دەسڕێتەوە لە کەسێکی خاوەن ناو و ناونیشان و زمان و مێژووەوە بۆ پەناهەندەیەک کە بە ژمارە لە پەناهەندەیەکی دی جودا دەکرێتەوە.

ئەوەی بۆ من بووەتە جێی ڕامان و دەیکەمە تەوەری باسەکەم کەسایەتییەکانە لەم ڕۆمانەدا، کۆی ئەو کەسایەتییانەی لەم ڕۆمانەدا دەردەکەون چ بۆ ماوەیەکی درێژ بێت یان کورت، کەسایەتی سەرەکی بن یان لاوەکی، بەخوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بەئاسانی دەگەیتە ئەو حەقیقەتەی کەسایەتییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە کەسایەتی تێکشکاو و ڕووخاو و تەنیان، هەریەک لە خەمێک هەڵاتووە، هەر کەسە و بۆ خەونێک هەڵاتووە.

کەسایەتی دلێر کەسایەتییەکی کاریگەرە و تەواوی ڕووداوەکان لای ئەوەوە سەرچاوە دەگرن، وەک کەسایەتییەکی ئاڵۆز دەردەکەوێت. لە نەرویج لەبەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر کونی شەمەندەفەر دەخەوێت و بۆ تێرکردنی سکی قوتووی بەتاڵی بیرە کۆدەکاتەوە و لەبەر ئەم کارەشی لەلایەن نەرویجییەکانەوە سووکایەتی پێدەکرێ، ناچار بۆ داکۆکی لە غروور و کەسایەتی خۆی شەڕ دەکات، ڕۆماننووس بەهۆی دلێرەوە دەیەوێ باسی تەواوی ئەو پەنابەرانە بکات کە لە وڵاتانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا چۆن دەکرێن بە ژمارە، چۆن ناچار دەکرێن لە پێناوی ژەمە خۆراکێک بەرگەی نیگا و زمانی زبر بگرن، ئەو نەهاتووە ئەورووپا وەک یۆتۆپیا و بەهەشتی گۆی زەوی نیشان بدات و ڕوویەکی دیکەی ئەو وڵاتانە و خەڵکەکەی خستووەتەڕوو، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێوان ئەورووپا و کوردستاندا ڕوودەدەن، دلێر لەماوەی مانەوەی لە ئەورووپا بەهیچ شێوەیەک خاوەنی ناوێک نییە، کەس بانگی ناکات، کەس پێی ناڵێ تۆ کێی، خەونت چییە، دواجار بەهۆی تۆمەتبارکردنی بە کوشتنی چەتۆی هاوڕێی دەخرێتە زیندانەوە و چیرۆکخوان کە خودی دلێر خۆیەتی، بە وردی باسی هەموو شتێکی زیندان دەکات. هاوکات خۆی وەک ژمارە دەناسێنێ. ئەوەی ڕۆماننووس دەیەوێ باسی بکات لەڕێی ژیانی دلێرەوە لە تاراوگە، بەکورتی ئەوەیە کە لەوێ مرۆڤی پەناهەندە ناوی نییە، کەسێکی پەراوێزخراوە و لە دوای ژمارە یەکەوە دێت، دەکەوێتە دۆخێکی ئەوتۆوە کە خەونەکانی لەباردەچن و تەنیا دەتوانێت وەک مەکینەیەک کار بکات تەنیا بۆ ئەوەی نەمرێت نەک بۆ ئەوەی بژی بەواتای ژیان.

بەڵام بەپێچەوانەوە کاتێک دلێر دیپۆرتی وڵاتەکەی خۆی دەکرێتەوە، پاش دابەزینی لە فڕۆکە و پێ خستنە سەر خاکی کوردستان، دەبێت بە خاوەنی ناو و کەسێک لێی دەپرسێت: تۆ دلێری؟ لەوێ بۆ یەکەمجار کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە دەبێتە خاوەن ناوێک و خوێنەریش بەهەمان شێوە ناوی گێڕەرەوە دەزانێ.

کەسایەتی بەپێی ئەو ئەرکەی کەوتووەتە سەرشانی، لەلایەن ڕۆماننووسەوە دۆخی دەگۆڕێت لە چالاکەوە بۆ ناچالاک و بە پێچەوانەشەوە لەکەسێکی لاوەکی بۆ کەسێکی سەرەکی کە ڕۆڵی دەبێت لە ئاراستەکردن و بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان، هەرچەندە دلێر لە کوردستان لە وڵاتی خۆیەتی و بە دلێر بانگی دەکەن، بەڵام دەکەوێتە زیندانەوە و دووبارە کوزرانی چەتۆی هاوڕێی یەخەی بەرنادات، دووبارە کەسایەتییەکی شکاو و خەمگین و تەنیا، لەوێ ئەورووپییەکی ڕاسیست قوتوویەک بیرە بەسەر سەریدا دەڕژێنێ، لێرەش لە کوردستان کوردێک بە پێلەقە ددانەکانی دەشکێنێ، دیسان گەر وڵاتەکەی خۆت دۆزەخیش نەبێت بۆ تۆ یۆتۆپیا نییە، هەمیشە دەستێکی پۆڵایین، چاوە کراوەکان لەسەر سەرتن، لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەر ئەوەی دەتوانن وابن.

کەسایەتی سەرەکی کە لەسەرەتای ڕۆماندا زۆرجار وەک کەسێکی ئاسایی دەردەکەوێت، لە گەشە ناوەستێ و بەردەوام گەشەدەکات و زۆرتر دەردەکەوێت و بیروباوەڕ و کار و دەستی لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا زۆرتر دەردەکەوێت و لە کۆتاییدا کامڵ دەبێت، کامڵبوون بە مانای ئەوە نییە کە دەبێت بەکەسێکی باش و گرنگ، زۆرجار ڕووداوەکان دژی ئەون بەڵام دواجار ئەوە ئەوە قسە دەکات، ژان و ترس و گومانەکانی دەگێڕێتەوە.




کەسایەتی عەلی بە پێچەوانەی دلێر ماوەی دەرکەوتنی زۆر کەمە و بە دوو پەرەگراف هەموو شت تەواو دەبێت، پیاوێکی بێدەنگ و سەیر، ڕێگە دەدات دلێر لەماڵەکەیدا بمێنێتەوە بەو مەرجەی هیچ جۆرە پرسیارێکی ئاراستە نەکات، عەلی قسە ناکات، نوکتە ناگێڕێتەوە، پێناکەنێ، خانەخوێیەکی ڕەزا شیرین نییە لەگەڵ دلێر، لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتییەکی سەیر و کاریگەری لەسەر خوێنەر هەیە، ئەمەش بەهۆی وەسف و گێڕانەوەکانی نووسەرە کە بە وردی شێوازی دانیشتن و قسەکردن و خیزەکردنەکانی کردووە بە ڕستە و خوێنەر ناتوانێ بە عەلی سەرسام نەبێ، بەتایبەتی کاتێ تاکە ڕستەکەی خۆی دەڵێ: "من سێزدە ڕۆژی تر دەمرم، کە مردم تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارەیە بکە".

پیاوێک بەوپەڕی خوێنساردییەوە وادەی مردنی خۆی دەستنیشان دەکات، عەلی قوربانییەکی دیکەی سەرمایەداری و گیرۆدەبوونیەتی بەدەست کۆژانەکانی ئینسانی پەناهندە لە تاراوگە کە ئینسان گرنگ نییە خەمی چی هەیە و چۆن بیردەکاتەوە، گرنگە کار بکات و دەستی کار کەم نەکات.

تەواوی زانیاری و کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان دەبێت دیراسە کرابن و بە وردی لە دوور و نزیکەوە هەڵسەنگێنرابن، واتا وەختێک نووسەر دەڵێت: "عەلی نەعلەکانی دەخستە سەر پێی و پێ لەسەر پێ لەسەر کورسییە چەرمەکە دادەنیشت وەک خانەدانێک"، دەبێت نووسەر سەرەتا ئەو وێنەیەی دیبێت و لە کەسایەتییەکی ڕاستەقینەوە کردبێتی بە کەسایەتییەکی وەهمی، یان وێنەکەی لە مێشکی خۆیدا بەتەواوەتی کێشابێت تاوەکو بێ کێشە لە قاڵبێکی هونەریی ڕێکدا بۆ خوێنەری بگوازێتەوە.

کەسایەتی سەرەکیی دووەم چەتۆیە، هاوڕێی دلێر و گرێکوێرەی ڕۆمانەکە. چەتۆ لە نەرویژ دلێر دەناسێت و لەڕێی چەتۆوەیە کە دلێر ئاشنای حەمامی هاوڕەگەزخوازەکان دەبێت و سێکسکردن لەگەڵ هاوڕەگەزێکی خۆی ئەزموون دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕقی چەتۆ لە دلێر.

چەتۆ کەسێکی بە ڕواڵەت بەهێزە، بە پۆز و شانازییەوە حەشیش دەکێشێ و ئامۆژگاریی دلێر دەکات، بەڵام بە وردبوونەوە لە کەسایەتی، لە هۆکاری هاتنی بۆ ئەورووپا، بە حەشیشکێشان و خووگرتن بە حەمامی هاوڕەگەزخوازەکان، دەگەیتە ئەو ڕاستییەی کە کەسایەتییەکی تەنیا و شکاوە، لەدەست دەردێک هەڵاتووە و لە تاراوگە زیاتر گیرۆدەی بووە، کەسوکاری چەتۆ بۆ ئەوەی چەتۆ واز لە کێشانی حەشیش بهێنێت بۆ ئەورووپایان ناردووە، بەڵام لەوێ زۆرتر خووی پێوەدەگرێت و پاشان بەهۆی حەشیشەوە دەبێتە هاوڕەگەزخواز و ژیانی دەکاتە قوربانی.

لەبەرئەوەی کەسایەتی لە ڕۆماندا واقیع یان بەشێک لە واقیع دەگوازێتەوە، نووسەری (پیاوێک لە حەمامی جووەکان) هەوڵی داوە ئەوە نیشانی خوێنەر بدات کە مرۆڤ تەنها لەبەر ئەوەی مرۆڤە و کەوتووەتە سەر ئەم زەوییە، بەر نەفرەت کەوتووە و هەریەک بە جۆرێک تەنیا و دەردەسەرە، بەڵام گەر مرۆڤێکی جیهانی سێیەم و بەتایبەت کورد بێت و پەناهەندە، ئەوە لە خەڵکانی دیکە تەنیاتر و شکاوتری.

بەبۆچوونی من ئەم ڕۆمانە هەڵگری بیری ناسیۆنالیستییە و دەیەوێ ئەو پەیامە بگەیەنێت کە مرۆڤ لە نیشتمانی خۆیدا هەرچی بێت و چەندە تەنیا و شکاو و شکێنراو بێت، دواجار خاوەنی ناوێکە، بە پێچەوانەی تاراوگە کە زۆرتر مرۆڤ لەوێ خاوەنی ناونیشانە و لە تەواوی لیستەکاندا وەک ژمارە ئاماژەی بۆ دەکرێت نەک کەس و ناو و مرۆڤ.

کەسایەتی ئێریک لە زیندانی نەرویج بە هەمان شێوە (ئێریک ژنەکەی خۆی کوشتووە)، لە زمانی نووسەرەوە وەک کەسێکی بەهێز دەردەکەوێت، بە خوێنساردییەوە چیرۆکی کوشتنی ژنەکەی دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەویش وەک تەواوی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە (دلێر، چەتۆ، عەلی و...تاد)، وەختێ چیرۆکی خۆی و ژنەکەی و گرێکوێرەکەی نێوانیان باس دەکات، خوێنەر دەزانێت ئێریک چ بکوژێکی تەنیا و شکاوە.

بەگشتی ڕۆمانی مۆدێرن کەسایەتییەکانی زیاتر مەرەکەبی سەر کاغەزن، چونکە زۆرتر مرۆڤی خەیاڵین و کەمتر گوزارشت لە ئازار و کۆژانەکانی ئینسانی سەردەمی سەرمایەداری دەکەن، بەڵام ئەم ڕۆمانە تەواو پێچەوانەیە و تەواوی کاراکتەرەکان هەڵگری ژانی ئینسانین، لەسەردەمی بازرگانی و سەرمایەداریدا بە ژمارە و کۆد کراون.

کەسایەتی لە ڕۆماندا تەنیا بریتی نییە لە کەسێک کە کاری مەزن دەکات و دەبێتە پاڵەوان، دەکرێت دزێک بێت بە ژانە ئینسانییەکانیەوە، بکوژێک، سواڵکەرێک، گرنگ هەڵگری ڕەهەندە ئینسانییەکان بێت و خوێنەری ئەمڕۆ هەست بە نزیکایەتی بکات لە نێوان خۆی و ئەو کەسایەتییە.

دواجار (پیاوێک لە حەمامی جووەکان) ڕۆمانێکی مۆدێرنی ئینسانییە، گوزارشت لە ئازارەکانی ئینسان دەکات لە سەردەمی سەرمایەداری کە کە تادێ داهێنانەکان و مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژن و پیاو و هۆمۆ و.. تاد، زۆرتر دەبێت، بەڵام ئینسان تەنیاترە، چونکە سەرمایەداری و کۆمەڵگەی سەرمایەداری ماهیەتی ئینسانی سڕیوەتەوە و مرۆڤی مۆدێرن مرۆڤێکە دەنگی قرتێنراوە.

# گرنگیی ڕۆمان لە سەردەمی زبری و ڤیندا

◄ ئەلیف شەفەق

وەرگێڕانی: شەوبۆ محەممەدیانی

### بەشی دووەم و کۆتایی

"ئەلیف شەفەق" نووسەرێکی تورکە کە بە دوو زمانی تورکی و ئینگلیزی دەنووسێت و یەکێکە لەو نووسەرە بەناوبانگانەی تورکیە کە ئێستا زۆرترین خوێنەری لە تورکیادا هەیە. ڕۆمانی "دەوڵەتی ئەڤین" کە یەکێ لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی ئەوە، زیاتر لە 750 هەزار دانەی لێ فرۆشراوە و بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراوە. ئەوەی دەیخوێننەوە دەقێکی بیۆگرافییانەی ئەوە کە تێیدا بە وردی باسی ڕۆمان و گرنگیی گێڕانەوە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەکات.

### گرنگیی ڕۆمان لە جیهانی تاریکی ئەمڕۆدا

لەم دنیا دیجیتاڵییەی ئێستادا، هۆشدارییەکەی "بێنیامین" زیاتر لە هەمیشە هاتووەتە دی. ئێمە گەلێک داتای جیاوازمان بە دەستەوەیە و ئەگەریش نەبێ، لە ئانوساتێکدا، گووگڵ دەیخاتە بەر دەستمان. دوای ئەوە، زانستە کە ئەگەرچی ناتەواوە، بەڵام پێویستی بە لێوردبوونەوە و تێڕامان و هێورکردنەوەی زەمانە. "فرەزانی" و حیکمەت، گەلێک دژوارتر دەستدەکەوێت و من پێموایە "فرەزانی"، نەک هەر زانست، بەڵکوو یەکدڵی و وشیاریی هەستوروژێنیش لەخۆ دەگرێ. ڕەنگە ئێمە لە ژیانماندا لەگەڵ هەندێک کەسی زیرەک ڕووبەڕوو بینەوە کە زۆر کەم وشیاریی هەستورووژێنیان تێدا بەدی بکەین. فرەزانی لە ژیاندا گەلێک ئەستەمە، چونکە پێویستی بە لەباری و دڵاوایەکە لە ڕووی ناسین و تێگەیشتنەوە و مرۆڤ بۆ ئەوەی بەو لەباری و دڵاوایە بگات، دەبێ واز لە سیاسەتی شوناسخوازانە بێنێت و کۆمەڵی هاوبیرانی خۆی بەجێبهێڵێت.

بەپێی ئەو ڕووداوانەی ئێستا، بە تایبەت لە دوای شۆکی 2016 وە، ڕەنگە وا باشتر بێ کە لایەنێکی دیکە بۆ ڕوانگەکەی "بێنیامین" زیاد بکەین، ئەویش لایەنێکە بە نێوی "داتا هەڵەکان". ئێمە هەموومان لە جیهانێکی ڕەوان و نەوێستاودا دەژین و نەک هەر بەردەوام کەوتووینە بەر فوارەی "داتا"کان، بەڵکوو شاڵاوی داتا هەڵەکانیش چوار دەوریان گرتووین. لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ئایدیۆلۆجییە توندڕەوەکان، کەڵک لە داتا هەڵەکان وەردەگرن. هەموویان تەقەلا دەکەن مانای مرۆڤایەتی لەویدی بسڕنەوە. موسوڵمانە سەلەفییە توندڕەوەکان و سپیپێستە خۆبەزلزانەکان، یەک ڕوانگەی وشک و دۆگمیان هەیە. هەروەک فەیلەسووفی ئەمریکی "ئێریک هافێر"، ساڵی 1951 لە کتێبی "ئیماندارانی ڕاستەقینە- تێڕامانێک لە بزووتنەوە



### ● من خەڵکی وڵاتێکم، هەر نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوان و توێژەرێک دەزانێ کە ڕەنگە لەسەر شیعرێک، ڕۆمانێک و تەنانەت لەسەر تویتێکیش دەستگیر و شاربەدەر بکرێ.

کۆمەڵییەکان"دا، باسی کرد، خاڵی بەرامبەری کەسێکی توندڕەو، کەسێکی توندڕەوی دیکە نییە، بەڵکوو کەسێکی میانڕەوە. پۆپۆلیستە خەڵک خەڵەتێنەرەکانی جیهان، خەریکی سڕینەوەی مانا مرۆڤدۆستانەکانن لە یەکتر، چونکە ئەو کارە دەرفەتی ئەوەیان پێدەدا کە تۆوی "ڕەگەزپەرستی"، "دژایەتیی ژنان" و دەیان جۆرە وشکەڕۆیی و دۆگماتیزمی دیکە بوەشێنن. ئەگەر بتوانن کۆمەڵێ خەڵک بەو بڕوایە بگەیەنن کە کۆچبەران وەکوو حەیوانن، ڕەشپێستەکان پەست و بندەستن، ژنان ئاوەزیان کەمە، نێرەمووکەکان بێ ئەخلاقن و یاخود موسوڵمانەکان و جووەکان جێی متمانە نین، دەکرێ پاساو بۆ هەر جۆرە ڕق و زبرییەک بهێننەوە.

ئێرە ئەو شوێنەیە کە ڕۆماننووس دەبێ قسە بکات. لای نووسەران "ئێمە" و "ئەوان" لە ئارادا نییە، بەڵکوو تەنیا ئەو مرۆڤانە هەن کە "وتراوە" و "نەوتراوە"یان هەیە. ئەرکی نووسەر، گەڕاندنەوەی مرۆڤایەتی بۆ ئەو کەسانەیە کە مرۆڤایەتییان لێ سەندراوەتەوە. وەک چۆن زۆرینەی ئەو کەسانەی کە بارودۆخێکی سامناک و پڕ لە مەترسییان تێپەڕاندووە – بۆ نموونە "ویزێل"، کە لە "ئاوشفیتز" دەرباز ببوو- دەڵێت خاڵی بەرامبەری ئاشتی و ئەڤین و دلۆڤانی، شەڕ و زبری و ڤین نییە. خاڵی بەرامبەری خۆشەویستی، بێ هەستی و خۆنەبانکردنە.

"دەنگوباس"ی زۆر و داتای فراوان، دەبێتە هۆی دروستبوونی بێهەستی و ئاوایە کە لە هەستیاری دووردەکەوینەوە و نەبان دەبین؛ پەنابەران دەبنە هەندێک ڕەقەمی بێ گیان و کەسایەتییە جیاوازەکانیش، پلە و پایەی بێ بنەمایان پێ دەدرێت. بە ڕێکەوت نییە کە هەموو بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکانی جیهان، لە بنەڕەتدا دژ بە فرەڕەنگین. ئەوان دەزانن کە ئەگەر کۆمەڵگەیەکی دوو جەمسەری دروست بکەن، زۆر زووتر دەتوانن بێهەستی بڵاوبکەنەوە. ڕۆمان گرینگە چونکە دەتوانێ ڕۆچنەیەکی وردیلە بکاتە دیوارێکەوە کە بە بەردی دووبەرەکی و خۆنەبانکردن هەڵچنراوە و چوار دەورمانی گرتووە. ڕۆماننووس دەبێ بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو مەلە بکات و ئەم پێداویستییە گرینگە، هەرگیز وەک ئێستا خۆی ئاشکرا نەکردووە.

بە ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و گەشەکردنی زانستە مۆدێرنەکان شەپۆلێکی ئومێد و خۆشبینی دنیای گرتەوە. لە سەرەتای هەزارەی نوێدا، گەلێک کەس – وەک ڕاڤەکارانی ناسراو، ئەکادیمییەکان و ڕۆژنامەوانان- بەو بڕوایە گەیشتن کە بێگومان لیبراڵیزم سەردەکەوێ. هەمووان بەو دەرکە هاوبەشە گەیشتن کە درەنگ یان زوو، هەموو کۆمەڵگەکان، مودێرنتر و دیموکراتیکتر و جیهانبینتر دەبن و هەموو دانیشتووانی زەمین لە دێیەکی جیهانیدا کۆدەبنەوە. هەمووان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە "ئایین"، جێی خۆی چۆڵ دەکات و دەوڵەتە نەتەوەییەکان، جێگەی خۆیان دەدەن بە یەک دەوڵەتی جیهانیی هەرەنەتەوەیی. دژوازیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە نەک تەنیا زۆرێک لەو باسانە ڕوویانەدا، بەڵکوو گەلێک ڕووداوی دژ بەوانەش، هاتنە ئاراوە. تەنیا دوو دەیە لەو ڕۆژە پڕ ئومێد و خۆشبینانە تێپەڕیوە و ئێستا هەموومان پێمان ناوەتە چاخێکەوە کە بە ئاسانی تووشی نائومێدی و بەدبینی بووین. چاخێکی تەژی لە نیگەرانی و ڕق و ترس کە

### ● تورکیە وڵاتێکە کە تووشی ئاڵزایمەری گشتی بووە

تێیدا جەماوەری بێهەست، هەوساری سیاسەتی جیهانییان بەدەستەوە گرتووە و خەریکن بە لاڕێیدا دەبەن. ئەو چاخەی کە (پانکاج میشێرا) بە "چاخی تووڕەیی" ناوزەدی دەکات و تێیدا – بێنیامین وتەنی- "سەرلێشێواویی ژیان" ڕوو لە زیادبوونە.

ئەگەر دنیا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، دەبێ دنیای ئەدەبیش گۆڕانکاری بەسەردا بێت. نووسەرانی دیموکراسییە لەرزۆک و زامدارەکان – وەک تورکیە، پاکستان، میسر و ڤەنزوێلا- هەرگیز ئەوەندە لە خۆشیدا نەژیاون کە لە سیاسەت ڕابکەن. بەڵام ئەمڕۆ خەریکە ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە دەقەومێ، ئەوەش ئەوەیە تاقمێکی زۆری نووسەرانی ڕۆژاوایی، هەست بەو پێداویستییە دەکەن کە ماوەیەکی درێژە نووسەرانێکی جگە لە نووسەرانی ڕۆژاوایی تووشی بوون. "دووریس لیسینگ" پێیوایە ئەدەبیات "ڕاڤەی دوای ڕووداوەکان"ە. نووسەران بۆ ڕاڤەکاری و هەڵتاوین و خەون و خەیاڵ نووسین، پێویستیان بە زەمان هەیە. بەڵام پێدەچێ ئەمڕۆ لەگەڵ خێرایی و پێداویستییەکی زۆرتر ڕووبەڕوو بین و ژمارەیەکی گەلێک زۆرتر لە نووسەرانی جیهان، پێیانوایە دەبێ لە کاتی ڕووداوەکاندا بنووسن.

مەبەستم ئەوە نییە کە هەموو نووسەرێک دەبێ ئاوێتەی سیاسەت بێ، نامەوێ بڵێم دەبێ ببینە ئەندام یاخود لایەنگری حیزبە سیاسییەکان. من سیاسەتم پێ وەکوو گشتیترین مانای خۆیەتی. وەک فێمێنستێک دەزانم ڕای تاکەکەسی، ڕایەکی سیاسییە و لە هەر شوێنێک دەسەڵات و نابەرابەری ببێ، سیاسەتیش لەوێ هەیە. ڕۆماننووسەکان دەبێ باس لە مەترسی لەدەستچوونی بەها بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، وەک زەوەندخوازی، ئازادیی گوتن، مافی کەمینەکان، جیاکردنەوەی هێزەکان و دیموکراسی بکەن. "بێنیامین" پێیوابوو کە چیرۆکنووس دەبێ داتاکان بکاتە زانایی و حیکمەت. کەچی نووسەرانی ئێستا لەگەڵ گەلێک کێشەی بنەڕەتیتر ڕووبەڕوو بوونەوە، ئەویش ئەوەیە کە چۆن داتا هەڵەکان، بکەن بە زانستی ڕاستەقینە.

من خەڵکی وڵاتێکم کە تێیدا هەست دەکەی کێشی وشەکان قورسترە. هەر نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوان و توێژەرێک دەزانێ کە ڕەنگە لەسەر شیعرێک، ڕۆمانێک، دیمانەیەک و تەنانەت لەسەر تویتێکیش، لە دەزگا میدیاییە دەوڵەتییەکاندا خراپ ناوی ببەن و لاتوپات لە ئینتەرنێتدا هێرش بکەنە سەری، یاخود دەستگیر و شاربەدەر بکرێ. لە دوای ئەو کودەتا بێ ئەنجامەی کە لە ساڵی 2016 دژی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کرا، هەتا ئێستا تورکیا بەهۆی بەندکردنی پتر لە 120 ڕۆژنامەوان، پلەی یەکەمی جیهانی گرتووە. کاتێک بۆ نووسینی چیرۆکەکانمان، لە پشت مێزی نووسین دادەنیشین، لە ژێرخانی مێشکماندا، ئاگاداری ئەو ڕاستییە هەین کە بۆچی خۆسانسۆرکردنێکی بەربڵاو لە نێو نووسەرانماندا باو بووە. سەبارەت بەو جۆرە سانسۆرە کە نەک تەنیا لە دەرەوە، بەڵکوو لە دەروونەوە سەرچاوە دەگرێ، دەشێ چی بڵێین؟ بێگومان بەرهەمی نەبوونی دیموکراسی و ئازادیی گوتن، وڵاتێکی پڕ مەترسییە. "ئارتور کۆستلێر" گوتەنی: دیکتاتۆری نەک هەر سیاسەتمەدارەکان و نوخبەکان گەندەڵ دەکات، بەڵکوو زیانیش بە کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو بنکە و ئەنجوومەنانە دەگات کە بوونیان بۆ بەردەوامیی دیموکراسی پێویستە و تەنانەت زاکیرەی گشتیش لەناو دەبات. تورکیە وڵاتێکە کە تووشی ئاڵزایمەری گشتی بووە؛ کەواتە بیرهێنانەوە و بەهێزترکردنەوەی زاکیرەی کۆمەڵگە، ئەرکی ئێمەی نووسەرە. لە جیهانێکدا کە تووشی پۆپۆلیستەکان و داتای هەڵە بووین، ڕاگرتنی زاکیرەی گشتی، ئەرکی هەموو نووسەرانە. ئێمە نابێ ئەو بەڵایەی کە تا ئێستا ڕەوشتی بنەماڵەیی و تایفەخوازی، نەتەوەخوازی، پەڕاوێزخوازی و توندڕەوی و هەروەها وڵاتپەرستیی دوگم، بەسەری هێناوین، فەرامۆشی بکەین.

ڕۆمان گرینگە چونکە چیرۆکەکان، سنوورەکان تێپەڕ دەکەن و یارمەتیمان دەدەن لە ڕوانگەیەکی بەرفراوانتر لە بەرەبەنییە دەسکردەکانی ڕەگەزپەرستی، زایەندخوازی و چینایەتییەوە، سەیری دنیا بکەین. ئەمڕۆ دنیا بە شێوازێکی سامناک و مەترسیدارانە شێواوە، بەڵام جیهانێکی بێ یەکدڵی و یەکرێزی، بێ هەڵکردن لە ڕووی ناسین و درکەوە، کە بێ خەون و خەیاڵ تێپەڕێ، بێگومان، جیهانێکی ساردتر و تاریکتر دەبێ.

## سێبەر و سەراب



من: هەر لەبەر دەرگاکە چاوەڕوانم، بەڵام باشە، وا سێبەری دارهەنارەکە فێنکم دەکاتەوە!

ئەو: لێگەڕێ، زۆرجار سێبەرەکان جوانترن، لەوێ بە.

من: چ لە سێبەر بکەم، هەر لەیەک ڕۆژدا چەند کاتژمێرێک درێژت دەکاتەوە. ماوەیەکیش باریک و کورت و دواییش ونت دەکات!

ئەو: هێندەی سەراب لەناو ڕستەکانی نووسیندا دانراوە، نیو هێندە حەقیقەتمان نەدیت.

من: من حەقیقەتێکم لەگەڵە، ئەویش ئاسمانێکی شینە.

ئەو: من، بە شوێنی پێی سەرابدا دەڕۆم، دووردەکەومەوە، لەو شەوەی ئەستێرەشی تێدا هەڵنایەت.

من: حەقتە دوور بڕۆ، لەوێ کە سەراب نەما، یەکتری دەدۆزینەوە، من ماندوو و تۆش ڕێزی ئارەقەکەم دەگریت.

ئەو: ماندووم هێندە ماندوو، بێجگە لە تۆزی روخساری خۆم هیچی تر نابینم، سەراب شلۆقە و دەلەرێتەوە.

من: منیش بەدەست تەمەنەوە ماندووم.

ئەو: منیش ڕۆژەکانی ڕۆژگار هەراسانیان کردووم.

من: ئەدی شەوەکانی! ئەوە لەبیرمەکە.

ئەو: ئارامترن. هەندێ لە شەوەکان ئارامن.

من: هەموو ئەستێرەکان، سەر لە ژوورەکەت دەدەن؟

ئەو: ژوورەکەم بێجگە لە گلۆپێکی شکاو هیچی تری تێدا نابینم.

من: چرات بۆ چییە خۆت ئەستێرەی!

ئەو: ئەستێرەیەکی بێ ڕەنگم.

من: هەموو ڕەنگەکان لە ژن دەوەشێنەوە.

ئەو: تەنیا قسەی سەر لاپەڕەکانە، ئەگەرنا ژنان، وەک ئاو بێ تام و بۆنن!

من: لاپەڕەکانم نیشان بدە، هەموویان کۆدەکەمەوە و دووبارە سەیریان دەکەمەوە.

ئەو: هێندە پەڕپووتن، لە ژوورەکەمدا سەدەیەکی دەوێت بۆ کۆکردنەوەیان. ئەدی مێژووش وا کۆنەکراوەتەوە.

من: سەدەیەکی مێژووش، لڤینی دوو پەنجەی تۆیە!

ئەو: مێژووش بێ کەڵک لەم چەرخەدا کەوتووە، ئێرە گۆڕستانی زیندووەکانە.

من: ژیانم دەوێ، تۆ لە مردنم نزیک دەکەیتەوە.

ئەو: ژیان لای من دەستت ناکەوێ.

من: تۆ دەستت دەگاتە مانگیش.

ئەو: هەرگیز نا، من وەک ورچێکی ترسنۆک تەنیا لێی دەڕوانم.

من: بڕۆ بەردەم ئاوینەیەک، درزەکانی ژیان چاک بکەوە!

ئەو: رابردوو وەک شریتی پچڕاو ناگەڕێتەوە، ئاوێنە تاوانی نییە.

من: تۆ نیگایەک بکەیت، دەگەیتەوە منداڵی! بەڵام من بیابانم بڕیوە!

ئەو: ماندوویت، ماندووم... ڕەنگە یەک ڕێگامان لەبەردا بێت.

من: من تەمەن ماندووی کردم، تۆش بۆ تەمەن ماندووی!

ئەو: منیش لەنیوەی ڕێگاکە جێماوم، بەردەمم سەراب و لێڵ و پشتیشم تەموتومانە.

من: ئاسوودە بیت!

ئەو: گەر ئاسوودەیی درۆ نەبێت.

من: چیتاندەوێ لەو ژیانە! بۆ بەشێک لە تەمەن نادەنەوە بە من!

ئەو: هیچمان نییە بیبەخشین، هەمووی سووتان.

من: وەک میلی سەعاتێک من بگێڕەوە!

ئەو: خۆ من دەرەقەتی باخە سووتاوەکەی خۆشم نایەم، خۆم بایەکی سووک دەمبات.

من: کێ ئاگری لەو هەنارستانە بەرداوە؟

ئەو: ژیان.

من: ژیان، دە قژت بکەوە، سەمایەک بە پێخواسی دابەستە!

ئەو: هەرزەکاریم ناگەڕێتەوە.

من: لە پیرێک بپرسە!

ئەو: ئەو بەگەنجی ماوەتەوە.

من: ملپێچێکی سووری بەستاوە، نایەوێ بڕوات و شەقامەکەی گرتووە.

ئەو : لێی گەڕێ بابڕوات ... ملپێچ بۆ خۆشاردنەوەیە لە ساردی و زریان.

من : بۆ بڕوات، هەر دەڕوات، بەڵام ئێوە ناتوانن، گوڵینگی دەستماڵەکە ببەستنەوە و بۆنداری بکەن!

ئەو: من "سهراب" نیم، شیعر بۆ بەرەکەی دایکم بڵێم، بڵێم گوڵەکانی سەما دەکەن.

من: هەموو کەسێک دەزانێت گوڵ سەما دەکات، شاعیری ناوێت!

ئەو: شەوە با دەرگاکان باش گەڵەبدەین.. نەوەک دزی شەوگەڕ بگەڕێت.

من: باشە، با درێژتر بێت، تۆ ئاسوودە دەبیت.

ئەو: ئەی ئەگەر سوسایی مۆمێکیشی لێ نەبێت.

من: بەڕۆژ چەپکێ هەتاو ماڵی بکە، ئەوەش نازانیت!

ئەو: ڕۆژ و هەتاو لاپەڕەکانی عومری منیشیان بردووە، کەمێک دواکەوتووم.

من: ناز دەکەیت، دەتەوێ من بخافڵێنی، تا ڕێبوارەکە دەگاتە نزیک پەنجەرەکەت!

ئەو: دەمەوێت کەمێک پەرچەمم لابدەم، تا ڕەشی پرچم چاوم نەتەنێت.

من: منیش ئەوەم دەوێ، پەرچەمەکە، شەماڵە، با چاوە کانییەکەت ببریسکێتەوە.

ئەو: تۆش ئومێدت دەوێت.. بەڵام لە دەرگای حەوشەکەم زیاتر تێپەڕ ناکات.

من: بۆیەش دووکەڵی جگەرەی دایکت ناونیشانەکەی لێ ونکردووم!

ئەو: دایکم پرچی سپی بە خەم دەهۆنێتەوە، من کچی وڵاتی ژنکوژانم.

من: باسی کوشتن مەکە، من لە مردنی خۆم دەترسم!

ئەو: مەترسە، مردن چرکەکانی کاتژمێرێکە، لە ورتەورتی خۆی ناکەوێت.

من: ژمارەی دەرگای ماڵی ژیان چەندە، ئەوەم دەوێ!

ئەو: کەمێک پێش ئێستا بەپەلە بێرەدا تێپەڕی.

من: بریا زووتر داوام دەکرد!

ئەو: درەنگ بووە.

من: ڕاست دەکەی، چاوڕەش ئەگەر ماڵی ژیان ناناسیت، من دەمەوێ بە خەوتن، لە ژیان دووربکەومەوە!

ئەو: ئارام بنوو.

من: تۆش، ناوێرم بڵێم ئاسوودە بنوو! دەڵێم، بالیفەکەت تەڕ مەکە!

ئەو: هەوڵ دەدەم.

من: باش بوو، دڵم خۆشە هەوڵ دەدەم! ئاسوودە بن!

ئەو: دەبێ بەئاسوودەیی بڵێم چییە هێندە باسی دەکەن... جارێک بێت بۆ ئێرەش.

من: بە تاریکیش دەست بکوتیت دەیدۆزیتەوە: لە گیرفانی کەوای دایکت. لە پشت نووسینی سەر وێنەیەکی کۆن، دەیدۆزیتەوە. هەیە، بەڵام بەوردی نووسراوە، چەند دێرێکی سڕاوەتەوە، دوو سێ جار پەنجەی باوکت پێداچوویتەوە! ئاسوودەیی، نزیکە، بەیانییە، هەناسەیەکی قووڵ و خوناوێکی زیوینی سەر ڕوومەتی گوڵە، ئاسوودەییە کە من هاتووم! خۆت هاتوویت من ئاسوودە بکەیت. ئاسوودە بیت.

ئەو: زۆر سوپاست دەکەم، گەلێک جوان بوو.

من: بەڕێزی کاتێکی پیرۆز!

ئەو: کاتێکی خۆش بۆ تۆی ئازیزیش.

**نووسینی:**

**من: شێرزاد هەینێ- ستۆکهۆلم**

**ئەو: ڕووخۆش مەستەفا- بتوێن**